# چەکی کیمیایی

**لە ئینگلیزییەوە: نەریمان عەلی**

مەترسی بەکارهێنانی ژەهر وەک چەک مێژوویەکی کۆنی هەیە، ڕاگەیاندنی لاهای ساڵی ١٨٩٩ ڕێگای لە بەکارهێنانی (چەکی ژەهردار) کە ئامانج لێی نەهێشتنی بەکارهێنانی گازی کوشندەو ژەهراوی بوو، گرت.

کۆنگرەی دووەمی لاهای لە ساڵی ١٩٠٧ دا ڕێگەی لە بەکارهێنانی (ژەهر و چەکی ژەهراوی) گرت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا گاز بەتایبەتی (ماستەرد گاز) بە شێوەیەکی فراوان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەکارهاتووە، کە ئەمەش ترسێکی هەمەلایەنەی دروستکرد.

لە دەرەنجامی ئەمانەشدا پرۆتۆکۆڵی جنێف، واتە (پرۆتۆکۆڵی ڕێگرتن لە بەکارهێنانی هەر گازێکی ژەهراوی یا خنکێنەر و یاخود میکرۆبی جەنگی) لە ساڵی ١٩٢٥دا گەڵاڵە کرا کە ئامرازەکانی خۆی بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەک فراوانتر کرد بەشێوەیەک کە چەکی (میکرۆبیش) ی دەگرتەوە، بەڵام هیچ جۆرە ئاستەنگێکی دانەنابوو لە سەر گەشەپێدان و بەرهەم هێنان و کۆکردنەوەی چەک، چونکە هەندێک لە دەوڵەتان کە تەسدیقی پرۆتۆکۆڵەکەیان کردوە بە ڕاشکاوانە ئەو مافەیان بەدەستهێنا کە چەکە قەدەغەکراوەکان لە دژی ئەو وڵاتە نەیارانە بەکار بهێنن کە ئەندام نین لە پرۆتۆکۆڵەکەدا یان وەک تۆڵەسەندنەوە لە وڵاتێک کە بەکاری دەهێنێت و پێشێلی پرۆتۆکۆڵەکە دەکات.

چەکی کیمیایی لە کاتی جەنگەکاندا بەکارهاتوە، وەک بەکارهێنانی لە لایەن ئیسپانیاوە لە دژی مەراکیش و بەکارهێنانی لە لایەن ئیتالیاوە لە ئەسیوپیا و

بەکارهێنانی لەلایەن یابانەوە دژی چین.
گازی ژەهراوی لە جەنگی جیهانی دووەمدا ملیۆنەها کەسی لە کەمپە زۆرەملێیەکانی نازییەکاندا کوشت، بەڵام لە ئەوروپادا لە خودی جەنگەکاندا بەکار نەهێراوە. چەکی کیمیاییش لە کیشوەری ئاسیادا بەکارهاتووە، وەک لە کۆتایی جەنگی نێوان (میسر و یەمەن لە ١٩٦٣-١٩٦٧) دا لە لایەن میسرەوە بەکارهێنرا و لە جەنگی نێوان (عێراق - ئێران ١٩٨٠ -١٩٨٨)دا بەکارهێنراوە. هەروەها حکومەتی عێراق ئەم چەکەی لە دژی دانیشتوانی مەدەنی کوردی وڵاتەکەی خۆی بەکارهێناوە. جگە لەمەش لە جەنگی ڤێتنامدا گازی (CS) لە لایەن ئەمریکاوە بەکارهێنراوە.
لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتان بەکارهێنەرانی سەرەکی چەکی کیمیایین، بەڵام نیگەرانی ئێستا بریتییە لە بەکارهێنانی ئەم چەکە لە لایەن تیرۆریستانەوە.

## پەیماننامەی چەکی کیمیایی

(CWC) The chemical weapons convention

لەپاش ٢٠ ساڵ لە گفتوگۆکردن , سەرەنجام ئەو لەمپەرانەی کە دانراون لەبەردەم گەشەپێدان و بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کەوتە بینینی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی ئەمەش کاتێک بوو کە بەشێوەی (پەیماننامەی چەکی کیمیایی (CWC) هاتە ئاراوە.
لە مارتی ساڵی ٢٠٠٦ دا، ١٧٨ لایەن بەشدار بوون لەم پەیماننامەیەدا، ئەم پەیماننامەیەش خەسڵەتێکی دانپێدانراوی گرنگی هەیە بەوەی داوا لە وڵاتە ئەندامەکان دەکات، کە سەرجەم چەکە کیمیاییەکانیان ئاشکرا بکەن و پاشان تێکیان بشکێنن لەماوەی ١٠ ساڵ لە کەوتنەکاری ئەم پەیماننامەیەدا (واتە تا ساڵی٢٠٠٧). دەشکرێت ئەم ماوەیە درێژ بکرێتەوە بۆ پێنج ساڵی دیکە، واتە ٢٠١٢. هەروەها خاڵێکی گرنگی دیکەی ئەم پەیماننامەیە ئەوەیە کە ڕێدەگرێت لە گەشەپێدان و بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەو گواستنەوە و بەکارهێنانی ئەم چەکە لە داهاتوودا.
جگە لەمەش ئەم پەیماننامەیە بە پێچەوانەی (پەیماننامەی ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی (NPT)ەوەیە، کە ڕێگەدەدات بە پێنج وڵات کە چەکی ئەتۆمییان هەبێت , بە شێوەیەک سەرجەم ڕێساکانی (CWC) بە یەکسانی دەچەسپێت بەسەر

هەموو وڵاتاندا کە گەورە بن یاخود بچوک .

جیاوازییەکی دیکەی نێوان هەردوو پەیماننامەکە (CWC) و(NPT) ئەوەیە کە (CWC) دەسەڵاتێکی ڕوونی بنیاد ناوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە (کۆنفرانسی وڵاتە بەشداربوەکان و ئەنجومەنێکی جێبەجێکار و سکرتاریەتێکی تەکنیکی) کە سەرجەمی ئەمانە بەرپرسن لە کارکردن و جێبەجێ بوونی پەیماننامەکە.

ڕێگرتنی تەواوەتی لە بەدەست هێنان و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکە، هەرچەندە ژمارەیەک ڕێگری هێشتا ماوە، وەک ئەوانەی دەستنیشان کراون لە کۆنفرانسی ساڵی٢٠٠٣ دا، کە لە دۆکیۆمێنتێک و دوو پلانی کارکردندا خۆی دەبینیەوە و لە کۆنفرانسەکەشدا ئاماژە درا بەو کێشانەش کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. سەرنەکەوتن لەو ماوەیەی کە دیاری کراوە بۆ تێکشکاندنی سەرجەم چەکە کیمیاییەکان.

٢. هەندێک لە دەوڵەتان هێشتا نەهاتونەتە ناو پەیماننامەکەوە.

٣. ئارەزوی هەندێک لە دەوڵەتان لە گەشەپێدانی چەکی ناکیمیایی.

٤. بوونی کەم و کورتی لە چالاکی جێبەجی بوون و لێکۆلینەوەکاندا.

٥. جێبەجێ بوونێکی سنورداری ئەم پەیماننامەیە بەسەر کارکردە نادەوڵەتیەکان (تیرۆریستان).

٦. نایەکسانی لە جێبەجێ بوونیدا لە نێوان دەوڵەتاندا.

## تێکشکاندنی کۆگای چەکە کیمیاییەکان

تەنها بە تێکشکاندنی تەواوەتی سەرجەم چەکە کیمیاییەکان دەتوانرێت دڵنیایی ئەوە بکرێت، کە ئەم چەکە ناتوانرێت لە لایەن وڵاتان و تیرۆریستانەوە بەکارنایەت، یان هیچ دەرفەتێک نیە بۆ بەکارهێنانی .

ئەم پەیماننامەیە داوا لە لە وڵاتانی ئەندامی دەکات کە سەرجەم چەکە کیمیاییەکانیان بخەنە ڕوو پاشانیش تێکیان بشکێنن تا ساڵی ٢٠٠٧. ئەمەش بە پێی خشتەیەکی زەمەنی دیاری کراو. هەرچەندە زۆربەی کێشەکانی جێبەجێ بوونی ئەم پەیماننامەیە هێشتا ماوەتەوە و زۆر بە هێواشی ئەو هەموو جبەخانانەی چەکی کیمیایی

تێکدەشکێنرێت کە لە کاتی جەنگی ساردا لە نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا بونیادنراون و یان ئەوانەی کە یابان لە چیندا بە جێی هێشتوون لە جەنگی جیهانی دووەمدا.

تێچوونی زۆر بۆ تێکشکاندن و هەروەها مەترسی لەسەر ژینگە و سەلامەتی دەوروبەر بووەتە هۆی نیگەرانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە نزیکن لێیانەوە کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ دواکەوتن لە لەناوبردنی ئەو چەکانەدا.

نزیکەی ٤٠٪ی کۆگاکانی چەکی کیمیایی ئەمریکا لەناوبراوە ، لایەنی بەرپرس لە حکومەتی ئەمەریکا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە لە ناوبردنی ئەو چەکانە لە ساڵی ٢٠١٢دا کۆتایی دێت . هۆکاری ئەو دواکەوتنەش لە ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ژینگە و سەلامەتی لە جێبەجێ کردنی ئەو کارەدا، بۆ روسیاش بەرەو پێشچوونێکی کەمتر هەیە بەشێوەیەک تەنها ٤٪ لەو ٤٠٠٠٠ چل هەزار تۆنە کیمیاییانەی کە هەیەتی لەناوبراوە.

بەرنامەی لەناوبردنی چەک لە ڕوسیا دا هاوکاری و لە لایەن ( ئەمەریکا) و (بەرنامەی هاوکاری و کەمکردنەوەی مەترسی ) یەکێتی ئەوروپاوە کۆمەک کراوە.

هۆکارەکانی درەنگ لەناوچوونی ئەو چەکانەش لە روسیادا دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی بودجەی دابینکراو و خراپی هاوکاری دەرەکی و کێشەی بەردەوامی بیرۆکراسی .

هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٥دا هەندێک بەرەوپێشچوونی ئیجابی لە پرۆگرامی تێکشکاندنی چەکی کیمیایی لە ڕوسیادا بینراوە، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەمانەو باشبوونی باری ئابوری و بەردەوامبوونی هاریکاری دەرەکی بۆ بەرنامەی لە ناوبردنی چەک لە ڕوسیادا ، هێشتا ئەگەری ئەوەی لێناکرێت کە تا ساڵی ٢٠١٢ سەرجەم چەکە کیمیاییەکانی روسیا بەتەواوی لەناوبرابێت.

سەرەڕای بەرنامەی لەناوبردنی چەکی کیمیایی لە هەریەکە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ڕوسیادا، لە وڵاتانی دیکەیش ئەم بەرنامەیە جێبەجێکراوە لەوانەش وڵاتانی (ئەلبانیا و هیند و لیبیا و کۆریای باشور) هەروەها هەوڵ و کۆشیش بەردەوامە بۆ لەناوبردنی ئەو چەکە کیمیاییانەی کە یابان لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە چین بەجێی هێشتوون.

سەرچاوە:

کتێبی weapons of terror لە ئامادەکردنی کۆمیسیۆنی تایبەت بە چەکە کۆکوژەکان. ل١٢٨-١٣١. ساڵی ٢٠٠٦.